# جياوازي بانطةوازةكان ئاسمان و أسمانة ... خالَة حةمة

دوو بانگەواز لە یەك دەچن هەریەکەش سەری گوریسەکەی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت و دەیەوێت زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت، هەریەکە لەگۆشەنیگای خۆیەوە خۆی بەڕاست وبەدەمڕاستی ئەوکارە دادەنێت کەبانگەوازی بۆدەکات بەڵام بابزانین بانگەوازەکەی ئێمەیکوڕانی کورد لەگەڵ بانگەوازەکەی ئەوانی کوڕانی عەرەب، جیاوازیەکەی لەچیدایەوبۆچیلەم کاتەدا ئەوانیش هەمان بانگەواز لە خەڵکی خۆیان دەکەن؟ .. بانگەوازی ئێمەی کورد، دەمانەوێت ڕزگارمانبێت لەدەست دیلی و چەوسانەوەی ئەوان کە بەدرێژی مێژووی خوێناوی خۆیان ئێمەشیان خوێناوی کردوەو نایەڵن ئارامی و ئاسایشلە وولاتەکەماندا سەقامگیربێت، ئەوان بانگەواز دەکەن لە خەڵکی کوێرو کەمفام و بێ ئاوەزی خۆیان کەکارێ ئەنجام بدەن نەتەوەکانی ژێردەستیان هەرگیز نەتوانن لەقەیرانیپڕوپوچ و بیری بۆگەن و گەندەڵیان کە کەروی هەڵهێناوە مەرەخەسبن.. بانگەوازی ئێمەترسیکی گەورەیە لەسبەینێ کەمەرگی نەوەکانمان بەئایەتی (قوڕعان) لەئاسمانی (شەریعەتوفتواوە حەڵاڵ) نەکرێ) .. بانگەوازی ئەوان بۆ گەڕانەوەی ڕۆژگاری ڕەشی نەزانین و (جەهالەت) ە کە دیموکراتی سەنگەسار دەکات و نایەڵێت مرۆڤ لە قاڵبی فریو و دەست بەزاخاکردن بێتەدەرێ.. بانگەوازی ئێمە بۆدنیایەکی ئارام و ئاسودەو دیموکراتیە کەتەواوی‌دنیا بگرێتەوە تەنها کۆیلەیەك لەدنیادا نەمێنێتەوە.. بانگەواز ئەوان سەرپێچیکردنە لەهەموو بنەمایەکی چارەنوس ساز بۆ مرۆڤ و دژایەتی هەموو ڕامانێکی پاك و هەموو گفتارێکی پاك و هەموو کردارێکی پاك تا چرای بیرو ئازادی خامۆش بکەن.. جالەبەرئەوە داوا لە خوێندەواری کورد دەکەم جیاوازیەکان فەرامۆش نەکەن و بەهەڵەلە ئێمەی بەدبەخت تێنەگەن... بانگەوازی مرۆڤێکی ژێردەستە شان بەشانی بانگەوازیمرۆڤێکی خوێنڕێژ لەتای یەك تەرازودا دانەنێن. من وەك کوردێك مافەکانم دابین نەکری و دان بەئازادیما نەنرێت و خاکم دیاری نەکرێتو نیشتمانم لە گەنگوگو پاك نەبێتەوە پێش هەلبژاردن دەنگ بۆ کەس نادەم. بەڵام ئەگەرشەیتان پەیمانی ئەو مافانەی بۆ من مۆرکردم پێش هەڵبژاردن سەدجار دەنگی بۆئەدەم..

خاڵەحەمە/دانمارك/2004/12/28